# هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی پارلمانی ئێران لە چ کەشوهەوایەکدا



**عومەر عینایەتی**

هەروەک دەزانین کۆماری ئیسلامیی ئێران لەماوی 34 ساڵ دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە و دەسەڵاتی زاڵی یاسای ئیسلامیدا، هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی و پارلمان و دەستنیشانکردنی سەرۆکی پاریزگا و فەرمانداری شار، لەژێر کاریگەریی فیلتەری ویلایەتی فەقیە و مەجلیسی شارەزایان (خبرەگان) و شۆرای باڵای دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکان حکومەت بەڕێوەچووە. ئەمەش بۆتە هۆکارێک کە بۆشاییەکی بەرچاو لەنێوان گەل و دەسەڵات بێتەئاراوە. نابێ ئەوەش لەبەرچاو نەگرین کە ڕێژەی دانیشتوانی ئێران لەچاو 34 ساڵی رابوردودا 2 بەرامبەر بووە. حکومەتی ئیسلامیی ئێران کە خۆی بە نوێنەری شیعەی هەموو دونیا دەزانێت و تەنانەت دەسەڵاتی ولایەتی فەقیە خۆی بە نوێنەری خودا و ئیمامی زەمان دادەنێت و دەسەڵاتی زاڵی ئایینیی بۆتە هۆکارێک کە هەرکەس ئەگەر ناڕەزایەتییەک لەبەرامبەر پرسە چارەنووسسازەکانی کۆمەڵگای فرەنەتەوەی ئێران وەکو زمان و تایبەتمەندییە کولتوریەکان، کێشەی بێکاری.... بەنێوی دژی خودا (محارب) و دژی شۆڕش و بەرژەوەندییەکانی حکومەت، لە زیندانەکاندا سزای لەسێدارەدران یان زیندانیی درێژخایەن بەسەریاندا دەسەپێندرێت. لەلایەکی دیکەوە، ترس و تۆقاندن بەدەست هێزی سوپای پاستاران کە گۆپاڵی هێزی دەسەڵاتە، بۆتە هوۆکارێک لەناو ئێراندا کە وەکو سیستمێکی ئیلیگاریشی خۆی داسەپێنێت و هەموو ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایە پێشێل بکرێت و شیرازەی کۆمەڵگا بەتەواویی هەڵبوەشێتەوە. هەرچەند بە رواڵەت لەناو خۆی دەسەڵاتدا، ناکۆکیی بەرەی توند هاژو و بەرەی بەناو میانەرۆ لە ململانێی دەسەڵات دان، بەڵام لە ئانیکاتدا ئامانج، راگرتنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و لەژێر ناوی یاسای بنچینەییدا خۆیان دەبیننەوە، نمونەی هەرەبەرچاو هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و ساختەکاریی لەژێر چاودیری ویلایەتی فەقیە و ناکۆکییەکانی بەناو بزوتنەوی سەوز و لەئاکامدا بە لاڕێدابردنی ناڕەزایەتیی جەماوەری ئێرانی لێکەوتەوە. لەم سیستمی ئێران بۆ زیاتر زاڵکردنی خۆی بەسەر گەلانی ئێراندا هێزی سوپای پاستاران و بەسیجی هێنایە سەرشەقامەکان و بەدڕندانەترین شێوە خەڵکیان سەرکوت کرد.

گەندەڵی و دزی و راوڕووتی دەستوپێوەندەکانی نێو ئێران گەیشتۆتە رادەیەک کە هەژاری، بێ ئەخلاقی، گیرۆدەبوون بە مادە سڕکەرەکان، بێکاریی لەناو کۆمەڵگا زۆر بەرچاو کۆمەڵگای تەنیوەتەوە کە ئەمە بۆتە هۆکارێک زۆربەی رۆشنبیران و کەسانی پسپۆڕ و مێشکی کارا و تەنانەت بەشێک لە نارازیانی ناو دەسەڵات سەرمایەکانی خۆیان رەوانەی دەرەوە بکەن و ئێران بەجێبێڵن. هەروەها ئەم قەیرانانە وای لێهاتووە وەکو ئاوری بن کا، لەکەمینی دەسەڵاتدایە و بۆتە هەڕەشەیەک بۆسەر حکومەت کە راپەڕینی ئەمجارەی گەل دەتوانێت پێداگر بێت لەسەر رووخانی یەکجاریی سیستمی کۆماری ئیسلامی.

جێگای ئاماژەیە کە بڵێین، لەکاتێکدا ناڕەزایەتییەکانی ناوخۆ بگاتە رادەیەکی جەماوەری و دەسەڵاتی ئێران بەهێزی چەکداری هاوڵاتیان سەرکوت بکا و خوێنی گەل برژێنێت، ئەوە سیاسەتی نێودەوڵەتی ناتوانێت لەئاست ئەم پێشێلکاریانەدا بێدەنگ بێت. بەپێی ئەو یاسایەی کە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوکان لەم دوایانەدا پەسند کراوە، ئەگەر حکومەتێک بیەوێت بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی،

میللەتی خۆی قەتلوعام بکات و مافی هاوڵاتیانی پێشێل بکا، یاسای نێودەوڵەتی ڕێگا بە نەتەوەیەکگرتووەکان دەدا هێزی سەربازی بنێرێت و نمونەی هەرە بەرچاو و زیندوو وڵاتی لیبی یە.

هەروەها ئێران لەئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا لە گەمارۆ دایە کە وەکو وڵاتێکی جیهانی سیهەمی دەیەوێت ببێتە خاوەن چەکی ئەتومی و ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی دەسەڵاتی زلهێزانی دونیادا ناگونجێ و بۆتەهۆی مەترسی لەئاستی بازاڕی ئابووری و نێودەولەتی و هەروەه لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، هەر بۆیەش پێداگریی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتومی کە وەکو وڵاتێکی جیهانی سیهەمیی وابەستە دەتوانێت زور مترسیدار بیت بو ئاسایشی جیهانی، بەتایبەت کە ئێران وڵاتیکی ئایینیە و خۆی وەکو نوێنەری باوەڕی شیعە دەزانێت، گوشارەکانی نێودەوڵەتی تاڕادەیەک گەیشتۆتە ئاستێک کە ئەگەر ئێران پێداگربێت، بکەوێتەبەر پەلاماری هیزی سەربازیی ناتۆ. هەرچەند کە ئێران وەکو گەورەترین وڵاتی تیرۆریستی و پشتیوانی تۆڕ و ڕێکخراوەکانی تیرۆریستی لە ئاستی دونیا دایە، دەتوانێت گەورەترین قەیران دروست بکات لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و جیهاندا، هەربۆیەش سیاسەتی نێودەوڵەتی دەیەوێت بە هەستیارییەک لەگەڵ ئێران هەڵسوکەوت بکا، چونکە ئێران وڵاتیکی فرەنەتەوەیە و جیاوازە لەگەڵ وڵاتانی وەکو ئێراق و ئەفغانستان. لەلایەکی دیکەوە نایانەوێت ئێران لەدەست بدەن بەهۆی نزیکبوونەوەی ئێستای ئێران لەگەڵ روسیە و چین لە بواری ئابورییەوە. بەڵام ئێران ماوەی سەدەیەکە لەململانێی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا وەکو پشندەیەک ڕۆڵی گرینگی گێراوە.

لە بارودۆخی ئاوادا ئێران بەرو پیشوازیی هەڵبژاردنی پارلمانی دەچێت کە هەم ترسی ئاڵۆزی و ناڕەزایەتی ناوخۆیی لەپێشە و هەم قەیرانی سیاسی نێودەوڵەتی کە دەبێ ئێران خۆی ئامادە بکات بۆ ئەگەری هەر ڕووداوێک لەم هەڵبژاردنەدا. هەڵبژاردنی خولی نویەمی پارلمان دەتوانێ بو سیستمی کۆماری ئیسلامی چارەنوس سازبێت و لەلایەکی دیکەوە، چاوەڕوانیی کۆمەڵگای ئێران لە دەسەڵاتی سیستمی کۆماری ئیسلامی بەهەموو ئیتنیکەکانیەوە، لەناو خۆی ئێران بەشێوەیەک دەبێ لەبەرچاو بگیردرێت و دەسەڵات گوێ ڕایەڵی ویست و داخوازیەکانی گەل بێت.
ئەم هەڵبژاردنە زۆر جیاوازە. بەپێی ئاڵوزیەکانی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی و ناڕەزایەتیی جەماوەری، لە ئێستادا دەتوانێت هەوێنێک بێت بۆ پەرەسەندنی ئەمجارەی ناڕەزایەتیی لەناوخۆی ئێران و پشتیوانیی وڵاتانی دەرەکی و ئۆپۆزیسیون لەدەرەوەی ئێران، بەتایبەت لەبواری بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی پارلمان و سنوردارکردنی نوێنەرایەتیی جەماوەر.
بە پێی ئەم ڕاستیانەی کە ئاماژەمان پێکرد، ئێستا دەتوانین بڵێین ئایا ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت ڕوویەکی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بینێتە ئاراوە، بۆ مان یان نەمانی؟
دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە لە چەند بەشدا بێنینە بەرباس:

یەکەم، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ متمانە ببخشێتە گەلانی ئێران و قبووڵی ڕاستییەکان لە ڕوانگەی فرەنەتەوەییەوە و دانپێدانان بە ویست و داخوازییەکانی ناوخۆی ئێران، بۆ ئەوەی لە پشتیوانیی ناوخۆیی سود وەرگرێت و لەبەرامبەر ئەگەری هەر ناڕەزایەتییەک کە بەساڵانە پشتگوێ خراوە دەسەڵات دەبێ پابەندی بەڵێنەکان بێت.

دووهەم، ئەوە خەڵکی ناوخۆی ئێرانە بەهەموو ئیتنیکەکانەوە دەتوانن بڕیار بدەن لە هەڵبژاردن یان بایکۆتکردن .

سێهەم، لە کەشوهەوای ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی لە ژێر گوشار و گەمارۆی نێودەوڵەتیی دایە و دەیهەوێت لە پشتیوانی جەماوەریی سوود وەربگرێت، دەبێ کارئاسانیی بکات بۆ خۆپاڵاوتنی کەسانی سەربەخۆ و ڕێگا خۆشبکات بۆ سازدانی کەشوهەوایەکی تەندروست و ڕاوێژکاریی کە بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ گەل بتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی بکات.

چوارەم، هێشتا بەرەی ئۆپۆزیسیون خاوەنی ئیستراتیژیی هاوبەش نین کە بتوانن وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانی ناوخۆی ئێران بن کە گەل راستەوخۆ لەناو رووداوەکان دان.

پێنجەم، دەبێ کاربەدەستانی کوماری ئیسلامی ملکەچی هەموو ویست و داخوازییەکانی گەل بێت.

شەشەم، بەسەرنجدان بەم هەلومەرجە لە هەڵبژاردنەکانی خولی نۆهەمی پارلمان، دەبێ ئامانجەکان دیاریی بکرێت کە هەموو تاکی کومەڵگا خۆی تێدا ببینێتەوە، وەکو ماف و داخوازیی کە لەچەند خاڵدا دەتوانین دەستنیشانی بکەین.

1 - خۆپاڵاوتنی کەسانی سەربەخۆ کە جێگای متمانەی گەل بن و بەربەستێک نەیەتە ئاراوە لە لایەن دەسەڵاتەوە.

2 - پێکهێنانی کەشوهەوایەکی تەندروست کە بۆ هەموو ئەوکەسانەی خۆیان دەپاڵێون  و دواتر پروپاگەندە و ململانێ دەکەن.

دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی خولی نۆهەمی پارلمان:

1 - ئازادیی خوێندن بەزمانی دایک بۆ هەموو ئێتنیکەکانی ناوخۆی ئێران، بەپێی مادەکانی 15 و 19 و 25 یاسا ئازادیی بیر و را و ئایین و زمان مسۆگەرە.
2 - ئازادیی دەربرینی بیرو باوەڕ.
3 – ئازادیی رۆژنامە و و گۆڤار.
4 – ئازادکرانی زیندانییە سیاسیەکان.
5 – کارکردن و پەرەپێدان بۆ ژێرخانی ئابووریی.
6 – دەبێ دەسەڵاتی ئێران کارئاسانیی بکات بۆ کار و بنبڕکردنی دیاردەی بێکاری.
7 - دەبێ دەسەڵات بەرپرسیار بێت لەبەرامبەر دیاردەی گیرۆدەبوون بە مادە سڕکەرەکان.
8 - دەبێ دەسەڵاتی ئێران لەو شوێنانەی ئەندامان خۆیان دەپاڵێون، نووسینگەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە کە رێکخراوەکانی ناوچەیی و جەماوەر بتوانن بەئاسانی لەگەڵ نوێنەر وهەلبژاردەی خۆیان راوێژ بکەن.

9 – دەبێ دەسەڵاتی ئێران رێگا بدات بۆ بەڕێوەبەرایەتی سیستمی ئیداری  کەسانی لەلایەن خەڵکی خۆجێییەوە کاروبارەکانی ناوچەی خۆیان بەڕێوە ببەن.

لە بەشێکی دیکەی ئەم تەوەرەدا دەتوانین بڵێین هەرچەند لەناوخۆی ئێران و لەئاستی نێودەوڵەتیدا ناڕەزایەتییەکان پەرەیسەندوە و تەنانەت قەڵغانی موشەکیی هێزی ناتۆ چواردەوری ئێرانی گرتووە و ئەگەری زەبری هێزی سەربازیی ناتۆ لە ئارادایە، بەڵام رووخانی دەسەڵاتی ئێران بەدەست دەوڵەتانی دەرەکیی دەتوانێت ئاڵۆزییەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤین زیاتر بێت، بەوپێیەی کە هێشتا ئۆپۆزیسیۆنەکان خاوەنی پرۆژە نین و هەروەها گرفتی سەرەکیی ئێتنیکەکانی ناوخۆیی کە لەناو ویلایەتەکاندا پێکهاتەیەکی دوو میللیەتین، دەتوانێت ببێتە هۆی ئاڵۆزیی زیاتر، بۆ ئەم مەبەستە من ناتوانم هاودەنگ بم لەگەڵ هەرهێزێکی دەرەکیی بۆ ئەگەری رووخانی ئێران و هەر هێزێکی ئۆپۆزیسیون بیەوێت هاودەنگ بیت لەگەڵ دەستتێوەرددانی هێزی دەرەکیی، ئەوە لە داهاتوودا دەبێ خەڵکی ئێران باجەکەی بدەن.

هەروەها ئەگەر ناڕەزایەتییەکان لەناوخۆدا پەرەبستێنێت، دەبێ خەڵکی ئێران بۆخۆیان بە دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی لەهەموو نەتەوەکانی ناوخۆی وڵات پێکبێت.

لەکۆتاییدا دەبێ ئاماژە بکرێ کە پاراستنی کەرامەتی کۆمەڵگا لە ئەستۆی ئەرتەشەو بەرپرسیارە لەبەرامبەر ئەگەری کارەساتەکانی سەر دەستی سوپای پاستاران و بەسیج کە مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بیانەوێت بەهەموو شێوەیەک خەڵکی ئێران سەرکوت بکەن.